# ڕەنگدانەوەی چینی کرێکار لە ڕۆمانی کوردیدا (هەرەس) و (شار) بە نموونە

**ID No. 622**

(PP 79 - 92)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.27.4.6**

**سەرکەوت سەعدی قادر** **نەوزاد وقاص سعید**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

sarkawt.qadir@su.edu.krd nawzad.saeed@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/09/25**

**پەسندکردن : 2022/11/28**

**بڵاوکردنەوە : 2023/09/27**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی چینی کرێکار لە ڕۆمانی کوردیدا - (هەرەس) و (شار) بە نموونە)دایە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی سیماکانی کارەکتەری کرێکار و چینی پرۆلیتاریا لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، واتە کار لەسەر ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا دەکات، بە شێوە گشتییەکەی. یەکێك لەو چەمکە کۆمەڵایەتییانەش، کە لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە، کرێکار و چینی پرۆلیتارییایە.

ئەم توێژینەوەیە دوو بەش لە خۆ دەگرێت، لە بەشی یەکەمدا چەند ناونیشانێك بوونی هەیە، کە ئەمانەن، لە ناونیشانی یەکەمدا باسی بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی تیۆری ڕەنگدانەوە کراوە، لە ناونیشانی دووەمیشدا ئاماژە بە فەلسەفەی مارکسیزم کراوە، لە ناونیشانی سێیەمیشدا چەمکی ئەدەب لە دیدی تیۆری ڕەنگدانەوە خراوەتەڕوو، لە ناونیشانی چوارەمیشدا بنەماکانی تیۆری ئەدەب بەپێی تیۆری ڕەنگدانەوە ئاماژەی بۆ کراوە. بەشی دووەمیش سێ ناونیشان لە خۆ دەگرێت، ناونیشانی یەکەم خۆی لە باسکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە، لە ناونیشانی دووەمیشدا باسی کرێکار و چینی پرۆلیتاریا کراوە، هەرچی کۆتا ناونیشانیشە تەرخانکراوە بۆ ڕەنگدانەوە و بە مژارکردنی چینی کرێکار، لە هەردوو ڕۆمانی (هەرەس) و (شار) دا.

**کلیلە وشەکان:** تیۆری ڕەنگدانەوە، مارکسیزم، چینە کۆمەڵایەتیەکان، کرێکار، ڕۆمان.

## 1- پێشەکی

ڕۆمان وەکو دەقێکی گێڕانەوەبەند بە حوکمی فراوانی پانتاییەکەی، ئەوەی لە توانا دا هەیە، کە هاوکێشە ئاڵۆزەکەی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەخۆبگرێت، ئەو کۆمەڵگایەی کە پریەتی لە ڕوداو و ململانێ و کیشمەکێشمی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی...هتد، هەروەها سنووورداری لە توانای بەشێك لە ژانرەکانی تر وایکرد، ڕۆمان بێتە گۆڕەپانەکە و ببێتە ئاوێنەی واقیعە ئەبستراکتەکە لە ئەدەبدا، کەواتە ڕۆمان پەیوەندی نیوان ئەدەب و کۆمەڵگای پتەوتر کرد. لۆکاش پێی وایە ڕۆمان داستانی سەردەمی بۆرژوازیەتە، ئەم بۆچوونە ڕاستی تێدایە، چونکە کۆمەڵگای بۆرژوازی واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە سیستەمی سەرمایەداریدا تیایدا باڵادەستە، پریەتی لە سەرمایەدارو کۆمپانیاو بەرهەمر، زۆربوونی ئەمانەش یەکسانە بە زۆربوونی دەستی کار، یان ئەوەی کە پێی دەگوترێت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە خۆی لە چینی کرێکار دەبینێتەوە.

مارکسیزم گۆڕانکاری ڕیشەیی کرد لە ڕیشەکێشکردنی بیری سەرمایەداری و هێنانەئارای کۆمەڵگای سۆشیالیزم، ئەگەرچی ئەو ڕیشەکێشکردنە سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیشی نەگرتەوە. لێکەوتەکانی مارکسیزم کاتێك دەرکەوت، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسی ساڵی 1917 ڕوویدا، کە بە شۆڕشی پرۆلیتاریاش بەناوبانگە، ئیتر کرێکار لە بۆتەی تاکی ستەملێکراو نەمایەوە، بەڵکو بووە ئەو چینەی کە لە ڕێگەی شۆڕشەوە نەخشەڕێگای خۆی وەکو چین دیاریکرد و خۆی لە لوتکەی هەڕەمی دەسەڵات بینییەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی. ڕۆڵی ئەدەب لەمر بوارەدا ناکرێ نادیدە بگیرێت، چونکە دوای شۆڕشی ناوبراو، ئەدەب بە پەیامێکی تازەوە ئامادەیی هەبوو، تەنانەت لەو خاڵە دەرچوو کە تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، بەڵکو ئەلتەرناتیفیشی پێبوو، بەمەش ئەدەبێکی ئومێدبەخش لەدایکبوو، کە بە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بەناوبانگە، لە دیارترین سیماکانی ئەو ئەدەبەش دەربڕین بوو لە دۆخی گوزەرانی چینی کرێکار و باشترکردنی، ئیتر وەکو جاران تەنیا چینی بۆرژوا کارەکتەری ڕۆمانەکان نەمان، بەڵکو چینی کرێکار بووە کارەکتەری سەرەکی ڕوداوەکانی ناو گۆشەنیگای ڕۆماننوس لەناو ڕۆمانەکاندا.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**بریتییە لە (ڕەنگدانەوەی چینی کرێکار لە ڕۆمانی کوردیدا (هەرەس) و (شار) بە نموونە)، کە وێنە و دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکار و چینی پرۆلیتاریا لە هەردوو ڕۆمانی ناوبراودا خراونەتەڕوو.

سنووری **توێژینەوەکە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە، تەنیا بریتییە لە خستنەڕووی ژیان و گوزەرانی کرێکار و چینی پرۆلیتاریا، ئەویش تەنیا لەو دوو ڕۆمانەی کە ئاماژەیان پێکراوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** لە ناو توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، سەرچاوەی پێویست لەبارەی تیۆری ڕەنگدانەوە کەم لەبەردەستە، لەلایەکی ترەوە وەرگێڕانی چەمکە زانستییەکان گرفتێکی تری ئەم توێژینەوەیە بوو.

**مێتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەپێی میکانیزمی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کار لەسەر هەردوو ڕۆمانی هەرەس و شاردا بکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گونجانەی کە لە نێوان خودی مێتۆدەکە و ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانە هەیە، کە لەو توێژینەوەیەدا کارمان لەسەری کردووە، وەك (مارکسیزم، چینە کۆمەڵایەتیەکان، کرێکار).

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دوو بەش لە خۆ دەگرێت، لە بەشی یەکەمدا چەند تەوەرێك بوونی هەیە، کە ئەمانەن، لە تەوەری یەکەمدا باسی بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی تیۆری ڕەنگدانەوە کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا ئاماژە بە فەلسەفەی مارکسیزم کراوە، لە تەوەری سێیەمیشدا چەمکی ئەدەب لە دیدی تیۆری ڕەنگدانەوە خراوەتەڕوو، لە تەوەری چوارەمیشدا بنەماکانی تیۆری ئەدەب بەپێی تیۆری ڕەنگدانەوە ئاماژەی پێکراوە. بەشی دووەمیش سێ تەوەر لە خۆ دەگرێت، تەوەری یەکەم خۆی لە باسکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە، لە تەوەری دووەمیشدا باسی کرێکار و چینی پرۆلیتاریا کراوە، هەرچی کۆتا تەوەریشە تەرخانکراوە بۆ ڕەنگدانەوە و بە مژارکردنی چینی کرێکار، لە هەردوو ڕۆمانی (هەرەس) و (شار) دا.

لە کۆتایشدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، دواتر گرنگترین ئەو سەرچاوانەش خراونەتەڕوو، کە توێژینەوەکە پشتی پێبەستوون و بۆیان گەڕاوەتەوە.

### 2- تیۆری ڕەنگدانەوە (زانیاری تیۆری)

### 2-1- بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی تیۆری ڕەنگدانەوە

ڕەنگدانەوە وەکو بیرۆکە کۆنە و مێژوویەکی دێرینی هەیە و بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنەپێشەوەی مارکسیزم و جێهێشتنی لێکەوتەکانی لەسەر ئەدەبدا، جارێکی تر ڕەنگدانەوە بووە مژار و وەکو تەوەرێکی گرنگ خۆی سەپاند، جیاوازی ئەم ڕەنگدانەوەیە لەگەڵ ئەوەی کۆن تەنیا لەیەك گۆشەدایە، ئەو گۆشەیەی کە ئایا هۆش پێش ماتڕیالە، یان بە پێچەوانەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین دوو جۆر ڕەنگدانەوەمان هەیە، کە ئەمانەن:

1ـ جیهانی واقیعی و بابەتە ماتڕیالییەکان ڕەنگدانەوەی هۆشن، وەك ئەوەی ئەفلاتون ناوی نابوو جیهانی نموونەیی، یاخود ئایدیا.

2ـ هۆش ڕەنگدانەوەی جیهانی واقیعی و بابەتە ماتڕیالییەکانە، وەك ئەوەی مارکس باوەڕی وابوو.

کاتێك دێینە سەر جۆری دووەم ئەوا هەنگاو دەنێین بەرەو کردنەوەی دەروازەی بابەتێك، ئەویش خستنەڕووی بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی تیۆری ڕەنگدانەوەیە، کە فەلسەفەی مارکسیزمە.

### 2-2- فەلسەفەی مارکسیزم

فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە هەموو ئاڕاستە جیاوازەکانییەوە، سوودی زۆری لە سەرنجدانی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بەرامبەر بە دەوروبەر و تێکڕای دیاردەکانییەوە وەرگرتووە، ئەم سەرنجدانە بۆتە پاشخان و باکگراوندێکی باش بۆ ئەو ئاڕاستانەی فەلسەفە، کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانەکە ئامادەییان هەیە. بێگومان فەلسەفەش وەکو زانستی حیکمەتناسی و پشتئەستور بەبیری قووڵ، جارێکی تر خۆی لەپشت هەموو زانستەکانی ترەوە حەشارداوە، بە واتایەکی تر هەموو زانستەکانی تر فەلسەفە وەکو باکگراوندی خۆیان سەیردەکەن و بەسەرچاوەی قووڵی خۆیانی دەزانن، زانستی ئەدەبیاتاسیش یەکێك لەو زانستانەیە کە هەمیشە بۆ فەلسەفە گەڕاوەتەوە، لە تێویشیاندا تیۆری ئەدەب، جا بۆ ئارستەی ئایدیالی بێت، یاخود ماتڕیالی.

بە سەرنجدان دەردەکەوێت، کە هەموو ئەو ئاڕاستە فەلسەفییانە شوێنکەوتەی خۆیان هەیە و کاریگەرییان جێهێشتووە، لە دیارترین ئەو ئاڕاستانەش ئاڕاستەی دیالێکتیکییە، بەو واتایەی کە ((گرنگترین و بەهێزترین ڕەوتی فەلسەفی کە لە چاخی ڕۆشنگەرییەوە دەس پێدەکا و تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە و دەکرێ بە شارێی فەلسەفە ناودێر بکریت، ڕەوتی دیالێکتیکی (کانت، هیگڵ، مارکس، لۆکاچ، ئادۆرنۆ)یە. ئەم ڕەوتە بە "ئەقڵی رەخنەگرانە"ی کانت دەس پێدەکات، بە "دیالێکتیك"ی هیگڵ تەیاردەبی، بە "ماتڕیالیزمی مێژوویی و دیالێکتیکی"مارکس بە ناخی مێژوو ڕۆدەچی و بە "گشتێتی کۆنکریت"ی لۆکاچ هەڵدەچی و بە "دیالێکتیکی نگەتیڤ"ی ئادۆرنۆ

رەخنە لە خۆی دەگرێ و بە خۆیدا دەچیتەوە.))(مارکس و لۆکاچ ...، 2007، ل7) مەبەست لە دیالێکتیکیش ئەوەیە، کە (هەموو چالاکییەکی مرۆڤ لە ڕێگەی شێوەکانی ڕوبەڕووبوونەوە ئەنجام دەدرێت، ڕوبەڕووبوونەوەی دوو بەرنامەی جیاواز، کە تیایدا بکەرێك و دژە بکەرێك بوونیان هەیە)(علوش، 1985، ص59) واتە بەپێی دیالێکتیك هەمیشە ململانێ ئامرازی بەرەوپێشچوونە، هەموو گۆڕانکارییەکیش لە ڕێگەی ئەوەوە بەدی دێت.

ئەوەی کە پەیوەستدارە بە بابەتەکەی ئێمە و هاوتەبایی هەیە لەگەڵ توێژینەوەکە "فەلسەفەی مارکسیزم" ـە، بۆیە خۆمان لە قەرەی هیچ ڕەوت و بۆچوونێکی فەلسەفی نادەین، تەنیا لەوکاتە نەبێت کە پێویست بێت. مارکسیزم وەکو ئاڕاستەیەکی فەلسەفی باکگراوندی تیۆری ڕەنگدانەوەیە، بۆیە بەرلەوەی باسی ئەوە بکەین، کە چۆن ئەم ئاراستە فەلسەفییە لە فەلسەفەوە بازی داوەتەوە ناو زانستی ئەدەبیاتناسییەوە، وادەخوازێ کە کەمێك لەسەر فەلسەفەی مارکسیزم هەڵوەستە بکەین.

هاتنەناوەوەی زاراوەی مارکسیزم لە ڕێگەی کۆمەڵێك کەس و گروپەوە بووە، ((زاراوەی "مارکسیزم" لە مشتومڕێکی سیاسی و تیۆرەییەوە پەیدابوو، لەسەرەتای دەیەی 1850 دا زاراوەی مارکسی(Marxides) لەلایەن لایەنگرانی گروپی وایتلینگەوە دژ بە لایەنگرانی بەکاردەهێنرا...ساڵێك بەر لە مەرگی مارکس، واتە لە ساڵی 1882 دا کتێبێکی بچووك بەناونیشانی "مارکسیزم و ئینتەرناسیونالیزم" بە زمانی فەرەنسی و بەپێنووسی پۆل برۆس بڵاوبۆوە. رەنگە ئەمە یەکەمین نموونەی خستنەڕووی ئەم وشەیە بێت بە مانا پۆزەتیڤەکەی. چەند ساڵ ئینگڵز وشەی مارکسیزمی لە نووسینەکانی خۆیدا بەکارهێنا.))(ئەحمەدی، 2001، ل146) مارکس زیاتر لەگەڵ دەستەواژەی سۆشیالیزمی زانستی بووە نەك مارکسیزم، لەلایەکی ترەوە ترسی مارکس لەوەدابوو کە نەیدەویست گروپێك لە ناو کرێکاران بە هەر ناوێك بێنەپیشەوە و خۆیان بناسێنن، دواتر ئەوان ببنە زەوتکەری مافی کرێکاران و کرێکار لەسەردەستی ئەوان بچەوسێندرێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی مارکس بۆ نەچەسپانی زاراوەی مارکسیزم، ((بەلام دەبێ ئەوە بوترێ کە زۆر بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەلایەن ئینگڵزەوە و لە دەیەی کۆتایی ژیانیدا ڕەسمییەت و رەوایەتیی پێ بەخشی.))(ئەحمەدی، ل146)

دەتوانین مارکسیزم وەکو یەکێك لە ئاڕاستەکانی فەلسەفە، بە دیاریکراویش ئاڕاستەی دیالێکتیکی، وای پێناسە بکەین کە((زاراوەیەکە دەچێتە ناو کۆمەڵناسی و ئابوریی سیاسی و فەلسەفەوە، بە مارکسیزم ناودێرکراوە، بەهۆی گەڕانەوەی بۆ یەکەم تیۆریستی ئەم فەلسەفەیەوە، کە "کارل مارکس"ـە، وەك گوتمان ناوبراو فەیلەسوفێکی ئەڵمانی و زانایەکی ئابوری و ڕۆژنامەنوسێکی شۆڕشگێڕ بوو، دامەزرێنەری تیۆری سۆشیالیزمی زانستییە، بە هاوبەشی لەگەڵ "فریدیریك ئینگلز"، هەردووکیان خاوەن بیری سۆشیالیستین، سەرەڕای زۆری پارتە سۆشیالیستییەکان، بەڵام مارکس و ئینگڵز بەتەنیا گەیشتن بەوەی کە سۆشیالیزم پێشکەوتنی هەمیشەیی مرۆڤایەتییە، بەپێی لۆژیکی دیالێکتیکی و بە ئامرازی شۆڕشگێڕانە.))(سعدالدین، 2009، ص9)، لە پشت هەموو ئەو بەرهەم و جوڵانەوە فەلسەفییانەی مارکسەوە دەکرێ چەند مەبەستێك خۆیان حەشار دابن، بەڵام هەموو ئەو مەبەستانە بۆ خزمەتی یەك چینی دیاریکراوە، کە ئەویش چینی پرۆلیتاریایە، بەوەی کە مافەکانیان دەستەبەر بکرێت و لەلایەن سەرمایەدارانەوە قۆرغ نەکرێت.

مارکسییەکان دیدێکی جیاوازتریان بۆ ئەدەب هەبوو، قوڵتر لەمەڕ پەیوەندی ئەدەب کۆمەڵگاوە دواون، ئەوان هیچ گومانێك لە بوونی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا ناکەن، تەنانەت زۆر قوڵتر بۆ ئەو بابەتە چوون. لەبارەی جۆر و چۆنیەتی ئەو پەیوەندییەوە، ئەوان تەنیا بەوە ناوەستن کە بڵێن پەیوەندی لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا هەیە و بەس، بەڵکو هەموو بڕیاردانێکیان لەسەر ئەدەب پەیوەستدەکرد بە هۆکارە دەرەکییەکانەوە، قسەکردن لەسەر پەیوەندی رووکەشییانەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا لای مارکسییەکان ((بابەتێکی هیچ و بازاری و تەمومژاوییە.))(ویلێك و وارین، 1987، ص98)، لای ئەوان نوسەر دەبێ ڕەنگدەرەوەی ڕۆحی تێکڕای سەردەم و کۆمەڵگاکەی بێت، ڕوانێکی قووڵی بۆ دۆخی پرۆلیتاریا و چینی زەحمەتکێشان هەبێت، هەوڵی گۆڕینی دۆخی ئەوان بدات، کەواتە هەم ئەدەبێك بێت ڕەنگدانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری پێوە دیاربێت، هەمیش ڕۆڵی هەبێت لە گۆڕینی دۆخی خراپی گوزەرانی ئەو چینەی کە مارکسیزم جەختی لێدەکردەوە، کە بێگومان مەبەست لە پرۆلیتاریایە.

سەبارەت بە بۆچونی مارکسیزم لەبارەی ئەدەبەوە، ئەو ئاڕستەیە پێی وایە کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە و تیایدا وێنای ململانێ چینایەتیەکان دەکرێت. (لای ئەوان ئەدەب بەلایەنی کەمەوە دەبێ خواستەکانی مرۆڤ بەدیبهێنێت و کۆکەرەوەی بەرژەوەندییەکانی بێت)(غارودي، 1978، ص224)چونکە مارکسیزم خوازیاری بوو وەکو ئاراستەیەکی فەلسەفی، تێکڕای یاساکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی سروشت و ژیان و کۆمەڵگا بگۆڕێت، بۆیە لەم پێناوەدا دەیویست ئەدەبیش لە بەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییانە ڕۆڵ ببینێت.

### 3-2 - چەمکی ئەدەب لەدیدی (تیۆری ڕەنگدانەوە)وە

تیۆری ڕەنگدانەوە لە مەعریفەناسی پشت بە کۆمەڵناسی و لە فەلسەفەش پشت بە تیۆری مارکسیزم (سۆشیالیزمی زانستی) دەبەستێت، هەرلەبەرئەمەیە قوڵایی کارکردنی ئەم تیۆرە بەندە بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا، یان بەواتایەکی تر بە پەیوەندی نێوان بەرهەمی ئەدەبی و دیاردە کۆمەلایەتییەکانەوە. لەم پێودانگەوەیە کە دەڵێین بەرهەمی ئەدەبی دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە، بۆیە هەر توێژینەوەیەك لەم دیاردەیە کۆمەڵایەتییە چەندین سود و قازانجی لێدەکەوێتەوە، لەوانە تێگەیشتنی هەندێ دیاردەی پەیوەستدار بە کاروباری ڕۆژانەی خەڵکی، چونکە ئاشکرایە ئەو سەرنجە وردانەی کە ئەدیبێك لەبارەی دەوروبەرییەوە هەیەتی، مەرج نییە تاکێکی ئاسایی کۆمەڵ هەمان سەرنجی هەبێت، بۆیە زۆر ئاساییە کە شتانێك لە دەوروبەرمان ڕوودەن و ئێمە هەستیان پێنەکەین، بەڵام سەرەداویان لە بەرهەمی ئەدەبیدا بدۆزینەوە.

لە ڕووی مێژوویەوە ((دەرکەوتنی زاراوەکە بۆ ساڵی 1845ز، لە نوسینەکانی کارل مارکس دەگەڕێتەوە، کە پەیوەستداربوون بەشیکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا، لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا.))(الوناس، 2012، ص113)، دواتر ئەم چەمکە لە بواری توێژینەوە سیاسی و ئەدەبییەکانەوە زیاتر برەویسەند ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لینین هەڵسا بە نوسینی بابەتێك لەسەر تۆڵستۆی بە ناونیشانی (تۆڵستۆی ئاوێنەی شۆڕشی ڕوسی)، مەبەست لەشۆرشی روسی، شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ز ی ڕوسیایە، یان بە شۆڕشی پرۆلیتاریاش بەناوبانگە، کە بە یەکێك لە دیارترین شۆڕشەکانی مێژوو دادەنرێت، کە دواتر شوێنپێی بەسەر جیهان بەگشتی و ڕوسیا و وڵاتانی سۆشیالیستی بەتایبەتی بە جێهێشت. لینین پێیوابوو تۆڵستۆی ئەدەبی خستبووە خزمەت کۆمەڵگا و ئەو گۆڕانکارییانەی کە دێنەپێشەوە، بەتایبەتی خزمەتی سۆشیالیزم و چینی زەحمەتکێش و چەوساوەکان لە کۆمەڵگای ڕوسیدا، بێگومان لێرەدا لینین ویستویەتی بڵێت کە تۆڵستۆی یەکێکە لەو کارەکتەرانەی کە بەر لە شۆڕش ڕۆڵی لە هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشەدا هەبووە، لەبارەی تۆڵستۆشەوە ڕای وابوو: (توانیویەتی هەم گوزارشت و هەمیش ڕەنگرێژی واقیعی کۆمەڵایەتی ماوەی نێوان ساڵانی 1861 – 1905 بکات.)(بو علیبة، 2002، ص89).

بەپێی تیۆری ڕەنگدانەوە کۆمەڵگا دابەشی چەند چینێك دەبێت، هەریەکێك لەو چینانەش ئەدەب بەکاردێنێت بۆ جۆرێك لە خواستەکانی، چونکە لە پێشووتردا ئەوخرایەڕوو، کە ئەدەب چەکی دەستی هەر چینێکە. جا کە وابێ ڕەنگدانەوەی واقیعیش لە دیدی هەر یەکێکیان بە جۆرێك دەبێت، کە لەگەڵ خواستەکانی ئەو چینە یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەگەر سەیربکەین هەمیشە گوتاری ئەدەب لە چینی ئۆروستوکراتی جوان کردن و جوان پیشاندانی دەسکەوتەکانی ئەو چینەبووە، کە پێی دەڵێن چینی دەستڕۆیشتوو، بە پێچەوانەوە گوتاری ئەدەب لە چینی کرێکار (پرۆلیتاریا) هەمیشە داواکردنی مافە زەوتکراوەکانیان و وەسفکردنی دەسەلات وەکو هێزێکی ناشیرین و هاندان بۆ شۆڕش و سەربەخۆیی لە یەکەمین خواستەکانیانن، بەم پێیە بێت دوو جۆر ڕەنگدانەوەمان هەیە، ((ڕەنگدانەوەی ساختە و ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆیانە، هەروەکو ئەوەی کە لۆکاش پێی وابوو))(الماضي، 1985، ص87) بێگومان تیۆری ڕەنگدانەوە لەگەڵ جۆری دووەمی ڕەنگدانەوەکەیە، چونکە بەپێی ئەم تیۆرە ئەدەب شوێن خواستەکانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا دەکەوێت و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، نەك ببێتە سەکۆیەك بۆ جوانکردن و پینەکردنی ناشیرینییەکانی دەسەڵات.

### 4-2- بنەماکانی تیۆری ئەدەب بە پێی تیۆری ڕەنگدانەوە

2-4-1- **سەرهەڵدانی ئەدەب:** لەبارەی سەرهەڵدانی ئەدەبەوە ئەم تیۆرە پێی وایە کە ئەدەب ئاوێنەی سەردەمەکەیەتی، لەم ڕوانگەیەوە پێیان وایە کلاسیزم لەسەردەمی فیوداڵیزم و ڕۆمانسیەتیش لەسەردەمی دوای شۆرشی بۆرژوازی پەیدابوون، لەلایەکی ترەوە دوای شۆڕشی پیشەسازی و ئەو پیشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیانەی کە هاتنەپیشەوە وایکرد کە ناتۆڕالیزم سەرهەڵبدات، هەروەها دەرکەوتنی ڕیالیزمیش دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشەکانی پرۆلیتاریا، بەتایبەتی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی، چونکە ئەم ڕێبازە دەستەبەرکردنی مافەکانی چینی پرۆلیتاریای کردبووە ئامانج، بۆیە ئەم تیۆرە دەرکەوتنی هەر ڕێبازێك و جۆرە ئەدەبێك دەبەستێتەوە بەو سەردەمەی کە تیایدا لەدایکبووە.

ئەم تیۆرە وای دەبینێت، کە ئەدەب و هونەر وەکو ئامرازی سەرخانی کۆمەڵگا، سەرەڕای سەربەخۆیی ڕێژەییان، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆی ئابوری ژێرخانیان لەسەرە، لێرەدا هاوکیشەیەك هەیە:

((هێزی بەرهەمهێن+ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان= ژێرخانی ئابوری))(قادر، 2010، ل33) جا بەپێی ئەم هاوکیشەیە هەرکاتێك شێوەکانی موڵکایەتی ببێتە لەمپەر لەبەردەم دەستی کار و هیزی بەرهەمێن، ئەوا بەپێی بەرژەوەندیخوازی جیاوازییە چینایەتییەکان

دروست دەبن، لێرەوە ئەدەبیش دێتەپیشەوە و بەرگری لە چینەکەی خۆی دەکات، کەواتە بە سەرهەڵدانی ململانێ ئابورییەکان، ئەدەبیش لەدایك دەبێت.

**2-4-2- سروشتی ئەدەب:** توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەدەب لە پۆلکردنی پەیامی ئەدەبدا دابەشی دوو دەستەی جیاوازبوون، دەستەیەك تەنیا گرنگی بەوە دەدەن کە ئەدەب (چی دەڵێت)، بە پێچەوانەوە ئەوەی دووەم گرنگی بەوە دەدەن، کە ئەدەب (چۆن دەڵێت)، دەستەی یەکەم ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی بە ئامانج دەگرن و لە دەوری مەبەستەکانی ئەدەبدا دەسوڕێنەوە، هەرچی دەستەی دووەمە جەخت لەسەر ڕوخساری دەقی ئەدەبی دەکەنەوەو لایەنی ئیستاتیکا و جوانناسی دەق بە ئامانج دەگرن و پێیان وایە، کە دەق تەنیا یارییەکی هونەری و زمانەوانییەو بەس، لەم نێوەندەدا تیۆری ڕەنگدانەوە هەمیشە پاڵپشتی لەو دەستەیە دەکات، کە ئەدەب چی دەڵێت، چونکە هەمیشە بەلای ئەم تیۆرەوە ئەدەبێك پەسندە، کە ئاوێنەی مژارەکانی کۆمەڵگا بێت و کۆمەڵگا و تاکەکانی تیایدا خۆیان بدۆزنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مارکسیزم کە باکگراوندی ئەم تیۆرە ئەدەبییەیە، هەمیشە لە پای داواکردنی ناوەڕۆکێکی ئەدەبی بەرز، سڵی لە لایەنە هونەرییەکەی ئەو ئەدەبە نەکردۆتەوە، واتە ئەدەبێکی خاوەنی ناوەرۆکی بەرز هاوتەریب لەگەڵ ڕوخسارێکی هونەریدا، لە خواستەکانی ئەم تیۆرەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان ئەوە دووپات دەکەینەوە، کە یەکەم پرسیاری ئەم تیۆرە لەبارەی سروستی ئەدەبەوە ئەوەیە کە چی گوتووە.

**3-4-2- ئەرکی ئەدەب:** سەرەڕای بوونی هاودیدی هەموو تیۆر و مێتۆدە ئەدەبیەکان، لەبارەی ئەوەی کە ئەدەب خودان ئەرك و پەیامێکە، بەڵام کاتێك دێنە سەر خستنەڕووی خودی پەیامەکە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت. تیۆری ڕەنگدانەوە سەرەڕای پێدانی سەربەخۆیی ڕێژەیی بە ئەدەب، بەڵام وابەستەی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەشی دەکات، ئەم تیۆرە وای دەبینێت کە ((ناکرێت ئەرکی ئەدەب لە بەها جوانییەکەی گۆشەگیر و قەتیس بکرێت، بەرهەمی هونەری و تێکڕای بابەتە ماددییەکان کارلێك لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە لەسەر هونەر بە گشتی و ئەدەب بەتایبەتی پێویستە، کە گوزارشت لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بکەن))(بولكعیبات، 2011، ص11) بەو واتایەی هونەر وەکو بەرهەمی هۆش و سەرخانی کۆمەڵگا، نابێ وەها سەیربکرێت، کە تەنیا چالاکییەکی هونەرییە لە خودی خۆیدا و تەواو، بەڵکو سەرەڕای بوونی هەموو مەرجێکی هونەری، دەبێ خاوەنی گوتار و جۆرێك لە پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئایینی ...بێت.

**1-3- چینە کۆمەڵایەتییەکان**

سروشتی ژیان لەسەر جۆرێك لە ململانێ وەستاوە، بێگومان هەموو ململانێیەکیش لەڕووی پێکهاتەکەیەوە بەندە بە جۆری دیدگا و بیرکردنەوەو چۆنیەتی ڕوانین بۆ دیاردە و بابەتگەل و تێکڕای ژیانەوە، ئەو ململانێیانەش لە مێژوودا ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە و قوڵایی مێژوویيان هەیە، بەڕوانین لە قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە، بەتایبەتی لەدوای قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتا دەردەکەوێت کە دوو چین ئامادەییان هەبووە، بێگومان هەمیشە ئەو دوو چینەش لە ململانێدان، بۆ ئەوەی هەریەکەیان جاڕی قەڵەمڕەوی خۆی بدات و هەژموونی بەسەر بەڕامبەرەکەیدا بسەپێنێت، زۆربەی کات سروشتی ململانێکانیش بەشێوەیەك بووە، کە کەمینەیەکی خاوەن هێز لەڕووی سامان و پارە و هێزی ئابوری، هەوڵدەدات بەرژەوەندییەکانی خۆی بەسەر زۆرینەیەکی بەهێز لەڕووی هێزی جەستە و ماسولکە، بەڵام داهێزراو لەڕووی هێزی ئابورییەوە ساغ بکاتەوە. دەتوانرێ قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لەم دابەشکارییەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

- **کۆمۆنەی سەرەتـــــا** ⟵ کۆمەڵگای بێ چین
- **کۆیـــــــــلایەتی** ⟵ چینی کۆیلە و خاوەن کۆیلە
- **فیوداڵـــــــــیزم** ⟵ چینی جوتیار و دەرەبەگ
- **سەرمـــــــایەداری** ⟵ کرێکار و سەرمایەدار
- **کۆمۆنـــــــیزم** ⟵ کۆمەڵگای بێ چین

ئەگەر سەیربکەین دەبینین تەنیا لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتا و قۆناغی کۆمۆنیزم، کە پیشبینی دەکرێت دوا قۆناغی گەشەی کۆمەڵایەتی بێت، چینەکان بوونیان نامێنیت، بەڵکو تەنیا لەڕووی ئاسۆییەوە کۆمەڵگا دابەشی سەر توێژە جیاوازەکان دەبێت نەك ستونی، بەمەش کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی فەراهەم دەبێت، چونکە ئاشکرایە دابەشکردنی کۆمەڵگا بەشیوەی ستوونی ئاماژەیە بۆ هەبوونی کۆمەڵگایەکی چینایەتی. لەلایەکی ترەوە لە هەر سێ قۆناغی کۆیلایەتی و فیۆداڵیزم و سەرمایەداری چینەکان زۆر بەتوندی لە ململانێدان لەپێناو یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییەکانیان و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. ئەوەی کە زۆر پەیوەستدارە بەم توێژینەوەیە

قۆناغی سەرمایەدارییە، چونکە کە باس لە سەرمایەداری دەکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ هەردوو چینی کرێکار و سەرمایەدار خۆیان قوت دەکەنەوە، یان وەك ئەوەی کە دەگوترێت هەردوو چینی پڕۆلیتاریا و بۆرژوازی.

ئەگەر بە مێژوودا شۆڕببینەوە، ئەوا دەتوانین بابەتی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە هەوڵە تیۆرییەکانی مێژوونووس و تیۆریستی فەرەنسی (ئەلێکسیس دی تۆکفێل1805-1859ز) و فەیلەسوفی ئەڵمانی (کارل مارکس 1818-1883ز) بەدی بکەین، (مارکس پێی وایە دەتوانرێت لەچوارچێوەی دژایەتییەکی مێژوویی سەیری کۆمەڵگای سەرمایەداری سەدەی نۆزدەهەم بکرێت، کە یەکێکیان خاوەن هێزی بەرهەمهێنانە، کە سەرمایەدارە، لەکاتێکدا ئەویتریان کە پڕۆلیتاریایە خاوەنی هێزی جەستەیەو، کارگەری کارگە و کۆمپانیاکانە). (زیما، 1991، ص26) بەو واتایەی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بازرگان و خاوەن سەرمایەکان، کە دەکرێ بە بۆرژوازییەکانیش ناوزەند بکرێن، هەوڵدەدەن لە پێناو بڕەپارەیەکی کەم جەستە و ماسولکەی کرێکار بەکاربهێنن، لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان و موڵکایەتی تایبەتەوە، لە کاتێکدا کرێکار، یان پڕۆلیتاریا بە گشتی خاوەنی هیچ جۆرە موڵکێك نییە، بۆیە سەرەنجام نامۆبوونی خودی کرێکاری لێدەکەوێتەوە.

هەوڵدانی هەریەکێك لەو چینانە لەپیناو دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان ململانێی چینایەتی لێدەکەوێتەوە، بێگومان لەو مڵملانییەش مارکس و مارکسیزم داکۆکی لە چینی کرێکار و پڕۆلیتاریا دەکەن و بەرگری سەرسەختیان لێدەکەن، ئەویش بە نەمانی موڵکایەتی تایبەت و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی و ماف یەکسانی بۆ هەمووان.

**2-3- چینی کرێکار (پڕۆلیتاریا)**

لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، هەمیشە دوو چینی دژ بەیەك لە ململانێدان، یەکێك لە چینەکان کە گەرەکمانە باسی لێوە بکەین و بیناسێنین، چینی کرێکارە. کرێکار((ئەو کەسەیە کە بە ڕۆژانە کار بۆ کەسێك دەکات و لە سەعاتی کاردا لەژێر دەسەڵات و ئامۆژگاری خاوەن کاردایە. واتە کەسانێکن دوای تەواوبوونی ماوەی کارەکەیان، هیچ پەیوەندییەکی قانونی و ماددیان بە خاوەن کارەکەوە نامێنێت.))(غەفور، 2011، ل115) ئەمە لەسەر ئاستی تاك، تا ئێرە شتێك نییە بەناوی چینەوە، ئەوەی کە هەیە، کەسێکە خاوەن هێز و بازوو، ئەو هێزەی ئەو لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لەبری بڕێك پارە بۆ خواستی سەرمایەدارێك بەکاردێت، بەو واتایەی ئەو کەسە هێزی هەیە و لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا وەکو ئامرازی بەرهەمهێنان بەکاردێت.

دوای گرتنەدەستی ئابوری کۆمەڵگا لەلایەن چینی بۆرژوازییەوە، لەدوای شۆڕشی فەرەنسی 1789ز، ئیتر کۆمەڵگا بە جۆرێکی تر خۆی فۆرمەڵە کرد، ڕاستە بەر لە شۆڕش جوتیاران قوربانی دەستی دەرەبەگ و خاوەن زەوی و سیستەمی دەرەبەگایەتی بوون، بەڵام دوای شۆڕشی ناوبراویش بۆ جارێکی تر و بە فۆڕمێکی تر، چینێکی تری کۆمەڵگا بووە قوربانی دەستی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی سەرمایەدارییەوە، ئەویش چینی کرێکار بوو، چونکە کرێکار لەلایەن خاوەن کار و کارگە و کۆمپانیاکانەوە دەچەوسێندرایەوە، کەواتە بۆ کرێکار جگە لە گۆڕینی ڕوخساری بینا و باڵەخانە و ڕێگاوبان و ژینگەی لادێ بۆ شار و گۆڕین ناسنامەیان لە جوتیارەوە بۆ کرێکار هیچی تر نەگۆڕا.

بەر لە هاتنەپێشەوەی مارکس و فەلەسەفەی مارکسیش، کرێکار لە گۆڕەپانەکە بوونیان هەرهەبوو، بەڵام خاوەن دەنگ و رەنگی خۆیان نەبوون، ((مارکس یەکەم کەس بوو کە کرێکارانی بۆ چینی کرێکار(پڕۆلیتاریا) بەرزکردەوە، لە ڕێگەی پەیوەستکردنی ئەوان بە ئەرکێکی مێژوویی تایبەتەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی لە شۆڕشی سۆشیالیستیدا))(لۆکسمبێرگ، 2019، ل2-3) وەك ئاشکرایە مارکس توانی لە فەلسەفەکەیدا تۆوی خەباتی چینایەتی بچێنێت و لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ز دا چەکەرە بکات، ئیتر ئەمجارەیان کرێکار لە بۆتەی ستەملێکراو و فەرمانبەسەرداکراو و لەسەر ئاستی تاك نەمایەوە، بەڵکو توانی بێتە چین و ئەو چینەش خۆی لە پێگەی لوتکەی دەسەڵات ببینێتەوە، کەواتە مارکس  توانی هۆشیاری لەناو ئەو چینەدا بڵاوبکاتەوە و وایان لێبکات کە بیر لە نەخشەڕێگای تایبەت بە خۆیان بکەنەوە، ئیتر ئەوانیش خاوەن بیر و دیدگا و بەرنامەی خۆیان بن، دەکرێ کرێکار (پڕۆلیتاریا) وەکو چین بەم شێوەیە بناسێنین، (دەستەواژەی پڕۆلیتاریا لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە مانیفێستی حزبی شیوعی کارل مارکس و فریدریك ئەنگڵزدا دەرکەوتووە، کە تیایدا ئاماژە بەو چینە دەکات، کە دوای گۆڕینی ئابوری جیهان لە ئابورییەکی کێبڕکێکارەوە بۆ ئابورییەکی قۆرخکار دروست دەبێت، ئەو چینە هیچ ئامرازێکی بەرهەمهێنانی نییە، تەنیا هێزی ماسولکەیی و فیکری نەبێت، کە دەبێ بیخەنە خزمەت سەرمایەدارییەوە... کارل مارکس پیی وایە پڕۆلیتاریا ئەو چینەیە، کە کۆمەڵگا ڕزگار دەکات و سۆشیالیزم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بنیات دەنێت.)(مبروك، 2022، انترنیت)بێگومان بە بڕوای مارکس تاکە ڕێگا بۆ فەراهەم کردنی سۆشیالیزم لە کۆمەڵگای جیهانیدا، گرتنە دەسەڵاتی پڕۆلیتاریایە لە کایەی سیاسیدا.

ڕەنگدانەوەی گوزەران و پەرەسەندنی قۆناغەکانی ژیانی کرێکار لە هەموو ئەدەبێکی ڕیالیستی شتێکی زۆر نۆڕماڵە، بۆیە هەوڵ دەدەین چۆنیەتی بەرجەستەبوون و ڕەنگدانەوەی کرێکار لە هەردوو دەقی ڕۆمانی (هەرەس)ی موکری و (شار)ی حوسێن عارف بخەینە بەرباس.

**3-3- ڕەنگدانەوە و بە مژارکردنی چینی کرێکار لە هەردوو ڕۆمانی (هەرەس) و (شار)دا**

کە باس لە ڕەنگدانەوە و بە تەوەرکردنی کرێکار لە دەقی ئەدەبییدا دەکرێت، یەکسەر پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەدەبێك هەیە بەناوی ئەدەبی کرێکاری، هەروەکو چۆن ئەدەبی کلاسیکی بە ئەدەبی چینی ئۆروستوکراتی ناوزەند دەکرا و لە دەوری وێناکردنی ئەو چینە و بەرژەوەندییەکانیدا دەسوڕایەوە، کە دەگوترێت ((ئەدەبی کرێکاری چییە؟ ئەم پرسیارە تەنیا یەك وەڵامی نییە. یەکەم وەڵام دەکرێ لە ڕوانگەی مەوزووعی ئەدەبەوە بێت. ئەدەبێك کە باسی کرێکار و لایەنەکانی جۆراوجۆری ژیانی کرێکار بکات لەو نیگایەوە کرێکارییە، چون باسەکەی باسی کرێکارە. نووسەر کێیە و چۆن بیردەکاتەوە لێرەدا گرنگییەکی نییە. ڕوانگەی دووەم دەتوانین بە چینایەتی ناوبنێین. هەر نووسینێك کە نووسەرەکەی کرێکار بێت، کرێکارییە. لێرەدا هەرچییەك کە نووسەرەکەی کرێکار نەبێت و لە تەجرەبەی ڕاستەوخۆی ژیانی کریکارییەوە هەڵنەقوڵابی، بە کرێکاری نازانرێت. ڕوانگەی سێیەم لە بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە سەیری ئەدەب دەکات. لەم نیگایەوە ئەو ئەدەبەی کە بەرژەوەندی کرێکار وەکوو چین نەپارێزێ، کرێکاری نییە لەم ڕوانگەوە نووسەر پێویست ناکا خۆی کرێکار بێت، بەڵکوو گرنگ هەڵوێستی چینایەتی نووسەرە و پاراستنی بەرژەوەندی چینی کرێکار لە بەرهەمەکەیدا.))(مەشخەڵ، 2021، ل13)ئەگەرچی ڕوانگەی مارکسیزم بنەمای ئەم توێژینەوەیە، مارکسیزمیش پێی وایە کە ئەدەب چەکی هەرچینێکە لە گوزراشتکردن لەو چینە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بەلام زۆرجار ئەدیبێك بە دیدە هیومانیستییەکەی دەبێتە داکۆکیکاری سەرسەختی کرێکاران، بەبی ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان کرێکار بووبێت، باشترین نموونەش (شێخ سەلامی شاعیرە، کە پێگە چینایەتییەکەی واز لێهینا و سەرسەختانە داکۆکی لە چینی کرێکار دەکرد.)(مەشخەڵ، ل25) کەواتە هەمیشە پێگە چینایەتییەکە گرنگ نییە بۆ بەرگری کردن لەو چینە.

ڕۆمان بە حوکمی فەزای فراوان و درێژی کات و کارەکتەری زۆر و فرە ڕوداوی، هەروەها پلۆتە ئالۆزەکەیەوە، لەتوانای دا هەیە بابەتگەلی زۆر لەخۆ بگرێت، کە ئەمە لە توانای بەشێکی زۆری ژانرە ئەدەبییەکانی تر نەبوو، ئەو تایبەتمەندییانەی ڕۆمان سیفەتی ڕیالیستیان بە ڕۆمان بەخشی. لەبارەی پێگەی ڕۆمان لە ئەدەبیاتی جیهانیدا وێلسن پیی وایە ((ئێمە ئەڵێین کە داروین و مارکس و فرۆید، ڕووی شارستانی ڕۆژئاوایان گۆڕی، بەڵام کاریگەری ڕۆمان بە تەنیا، لە کاریگەری هەرسێکیان پێکەوە گەورەتربوو))(ولسن، 1986، ص9)چونکە دوای شۆرشی پیشەسازی و فراوان بوونی شارەکان و هاتنەپێشەوەی چینی بۆرژوا و دواتریش پرۆلیتاریا، ئیتر ئەدەب پێویستی بە ژانرێکی پشوودرێژتربوو، بۆ لەخۆگرتنی هاوکیشە ئاڵۆزەکانی واقیع، بەمەش واقیع لە ڕێگەی هەموو جۆرەکانی ڕیالیزمەوە، بەتایبەتی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی و شیکاری و ڕەخنەگرانە و سۆشیالیستییەوە لە ڕۆماندا خۆی بینییەوە، ئەمە بۆ ڕۆمان لە ئەدەبیاتی کوردیش هەر ڕاستە، چونکە ((ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای نووسینیدا وەك خۆی فۆتۆکۆپی واقیعی میللەتی کورد بووە، بەڵکو زۆربەشیان دەربڕی ئەو ئێش و ئازار و بەرگری مانەوەی تۆمارکردووە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و کیشەی ئاغا و جوتیار و مەسەلەی زەوی و زاری لادی و کۆچی لە لادێ بۆ شار))(ڕەشید، 2007، ل19)، لە گرنگترین ئەو بابەتانەبوون کە تیمەی ڕۆمانی کوردییان پێکدەهێنا. تاکە ئاستەنگ لەم بارەیەوە ئەوەیە، کە هەردوو ڕۆمانی سنوری ئەم توێژینەوەیە، کاتی حیکایەتی ڕۆمانەکە و کاتی نوسینی ڕۆمانە لە یەکتر جیاوازن، بەو واتایەی ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیان نین، کە ساڵانی هەشتاکانن، بۆ نموونە ڕۆمانی هەرەس گوزارشت لە ساتەوەختی هەرەسی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دەکات، تا شۆرشی نوێ، واتە کاتی حیکایەتی ڕۆمانەکە لە نێوان ساڵانی 1946 تا 1976 زایینییە، لە کاتێکدا ساتی نوسینی دەقەکە ساڵی 1985 لە شاخدا. بە هەمان شێوە ڕۆمانی شاریش کاتی حیکایەتی ڕۆمانەکە لە نێوان ساڵانی 1942 تا 1958 زایینییە، لە کاتێکدا کاتی نوسینی دەقەکە ساڵی 1986 زایینییە، بێگومان لە ڕووی زەمەنییەوە بۆشاییەکی زۆر هەیە، ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ بۆ ناوەڕۆکی ڕۆمان، چونکە زۆرجار سیمای گۆڕانکاری کۆمەڵگاکان هەر چەند ساڵ جارێك بە تەواوی هەستی پێدەکرێت، دەکرێ سیمای کۆمەڵگای کوردی ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تەواو دەرەبەگایەتی بووبێت، لە کاتێکدا لە ساڵانی هەشتاکان بە هاتنەپێشەوەی بەشێك لە کارگە و کۆمپانیاکان تاڕادەیەك سیمای کۆمەڵگای پیشەسازی بدات، ئەگەر تەواو سەرمایەداریش نەبووبێت، لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی هەمیشە قەلەمی نوسەر ڕوو لە ئازارەکانی جوتیارە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای پیشەسازی و سەرمایەداری ڕوو لە کرێکارە.

ڕۆمانی هەرەس وەکو یەکێك لە نموونەکانی ڕۆمانی لەدایکبووی شاخ، رۆمانێکی سیاسییە و نوسەرەکەی زیاتر لە دەوری هێڵە سیاسییەکە دەسوڕێتەوە، چونکە هەوڵیداوە کار لەسەر دەرئەنجامی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بکات، هەر لە هەرەسی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهابادەوە، تا دەگاتە هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ئینجا دەرکەوتنی قۆناغێکی تازە، کە هاتنەپیشەوەی شۆڕشی نوێیە. بەڵام لە هێڵە گشتییەکەدا هەندێ ملمڵانێ و کێشمەکێشمی کۆمەلایەتیشی مەزراندووە، یەکێك لە دیارترین ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەش چینی کرێکارە. لە گرێچنی ئەو ڕۆمانەدا زۆرجار ڕۆماننوس هاوپەیوەستییەکی زۆری لە نێوان ڕوداوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان خولّقاندووە، چونکە ڕۆماننوس لە هەندێ شوێندا سیاسەت بە هۆکاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بە دیدە نەرێنییەکەی ژیانی بەشێك لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی زانیوە، چونکە لە ئەنجامی هەرەسی کۆمار و ئابڵۆقەدانی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قەلاچۆکردنی هەموو ئەوانەی کە دوور و نزیك هاوسۆزیان بۆ کۆمار هەبوو، وایکرد بەشێك لە خەڵکەکە بیر لە جێهێشتنی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرەو هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بەدیاریکراویش بۆ شاری کەرکوك*، بە واتایەکی تر شاری کەرکوك دەبێتە فەزای بەشێکی زۆری ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە. ئیتر کارەکتەرەکانی وەکو (خەجێ و حەمە و سمایل) دوای رەهەندەبوونیان ژیانیان ئاوەژوو دەبێتەوە، بۆیە لەپێناو بژێوی ژیانیان بریار دەدەن کار بکەن((**حەمە چ کارێکی نەدەزانی، سمایل لە حەمە خراپتر.. کەرە سپی یەکە بووە ئەستونگەی ژیانیان، هەموو سەر لە بەیانییێك حەمە و سمایل ناوی خوایان لێ دەهێنا، کەرە سپی یان دەدایە بەر، بەرەو (خانە سپی) و (خانی خورما) و (خانی قازی) دەچوون و ڕوویان لە دەرگای خوا دەکرد.. حەماڵییان دەکرد، لە کاردا لە کەرەسپی کەمتر نەبوون، هاوهێز بوون! لە شوێنی خۆیاندا گەر لەبرسا مردبان حەماڵیان نەدەکرد... هەر چەن بارەکەیان قورس بووایێت ئەوا گیرفانیان قورستر دەبوو، زیاتر کەیفخۆش دەبوون، بەلایانەوە ژیان خۆشەویست تر دەبووا!**))(هەرەس، ل62) حەمە و سمایل وەکو دوو کارەکتەری پەرەسێنی ئەم ڕۆمانە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتییان بە هۆکارە سیاسییەکە گۆڕا و بوونە کرێکار، لە کاتێکدا لە زادگای خۆیان کرێکاری بۆ ئەوان شتێکی نامۆبوو، بەڵام ژیان ناچاری کردن، بەتایبەتی حەمە هەموو هەوڵێکی لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی شایستەبوو بۆ خەجێی خێزانی و ئەحمەدی کوڕی، تەنانەت سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییە، بەڵام هێشتا بە کارکردنی زیاتر دەڵخۆشتر دەبوون، چونکە دەیانزانی دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

نوسەر لەم ڕۆمانەدا زۆرجار بە شێوەی ڕیالیزمی شیکاری واقیعی ژیانی کارەکتەرەکان دەگێڕێتەوە و دەخاتەڕوو، لە ڕێڕەوی کرێکاری و کارکردنی کارەکتەرەکاندا زۆرجار ڕوداوگەلێك ڕودەدەن کە ژیانی کارەکتەرەکان ئاوەژوو دەکەنەوە، ئیتر نوقمی ژیانێکی پڕ لە دەردیسەری دەبنەوە. لە یەکێك لە ڕۆژەکان حەمە لە خانەسپی لەگەڵ کرێکارەکانی تر دەبێتە کێبرکێیان و گرەو لەسەر ئەوە دەکەن، کە کێ دەتوانێ فەردەیەك خوێی خەت سور بگوازێتەوە، سەرەنجام دوای ئەنجامدانی ئەم کارە حەمە توشی ڕوداوێکی نەخوازراو دەبێ و پشتی دەشکێ، ئەوەتا لەسەر زاری گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە ((**فەردەیەکیان دا بە کۆڵیا، حەمە وەك ئاسك لە لۆریەکەوە هاتە خوارێ، بە پێ پیلەکانی خانەکەدا بەرەو نهۆمی سەرەوە هەنگاوی نا، پێش ئەوەی پی بنێتە سەر دوا ناردوانەوە، دەعباکەی شەوێ ی خەونی هاتە برچاوی، پێ ی خزا، بەخۆی و کۆڵەکەی کەوتنە خوارێ.. مقۆ مقۆ کەوتە نێو حەماڵەکانەوە.**

**ــ ئەرێ وەڵڵا لەناوچوو**

**یەکی لە حەماڵەکان ئەمەی وت و گەیشتە سەری، حەمە لەخۆچوو بوو.. بردیانە خەستەخانە، حاجی صدیقی عەلافی خاوەن خان هەر کە بیستی حەمە پشتی شکاوە، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ماڵی حەمە، هەر کە خەجێ و سمایل ئەم هەواڵەیان بیست دەست و پێ یان شکا!!**))(هەرەس، ل67) خەجێ و سمایل دەزانن گەورەیی ئەم ڕوداوە لە چیدایە، بەتایبەتی خەجێ، چونکە ئیتر قوتی ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەوەی کە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە کرێکاران لە کۆمەڵگای ئەوسا و ئێستای عێراقیش هیچ بیمەیەکی کۆمەڵایەتییان نەبووە و نییە، لەوکاتەی توشی دۆخێکی وا دژوار دەبوون. دەرئەنجامە نەرێنییەکانی ئەو ڕوداوە دواتر هەم بەرۆکی حەمە خۆی گرت، هەمیش خەجێی خێزانی، ئەوەی کە پەیوەستداربوو بە حەمە ئەوەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە مایەوە، دواتر دوای چوونیان بۆ بەغدا، دیسانەوە لە ئاوارەیی کەوتەوە نەخۆشخانە و هەر لەوێش گیانی لەدەستدا. گێڕەرەوە باسی ساتەوەختی گەڕانەوەی خەجێ دەکات بۆ نەخۆشخانەکە، لەوکاتەی کە لە سپاردنی تەرمی

* شاری کەرکوك بەهۆی هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکییەکەی هەمیشە لەسەر خاکی عێراق ناسنامەی جیاوازی وەرگرتووە، بەتایبەتی لەبەرداشی نێوان عێڕاق و هەرێمی کوردستانەوە، بۆیە جارێك بەناوچە جێناکۆکەکان و جارێکی تر بە ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەندێك جاریش بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستان هەژمارکراوە، هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندە ئابوری و سیاسی و جڤاکییەکەی.

سمایلی برای حەمە گەڕابۆوە، دەکەوێتە خۆدواندنی خۆی، کە چۆن ئەو هەواڵە لە حەمەی هاوسەری بشارێتەوە، بێ ئاگا لەوەی کە حەمەش گیانی سپاردووە ((**گەیشتە بەر دەرگای قاوشەکە، گوێی لە گریانی ئەحمەد بوو، لە باوەشی فەراشێکدا هەردەگریا و ژێر نەدەبووەوە، خەجێ بەرەو ڕووی چوو.. حەپەسا، هەموو شتێکی لەنێو ڕوخسارە بێ دەنگەکەی فەراشەکە و گریانەکەی ئەحمەدا خوێندەوە، وەك بت وەستا، نەرمە دەنگی رایچڵەکاند.**

**ــ عومری دریژی بۆ کوڕەکەت...**

**ــ .....**

**ــ خوشکم خەمی پێناوێ ڕزگاری بوو، ڕێ ی هەموومانە!**

**ــ خەجی قسەکەی لە دەمی کابرا بڕی...**

**ــ کە.. کە.. کەی؟**

**سێ چوار سەعات دەبێ..**))(هەرەس، ل106)، ئەوەی کە تایبەتیش بوو بە خەجێ ئەوەبوو دوای نەمانی حەمەی هاوسەری، ئیتر دەبێ بکەوێتە خۆی و بەدوای لوقمەنانی ژیانی خۆی و ئەحمەدی کوری بکەوێت، ئیتر خەجێش بە جۆرێك بوو بە کرێکار و کرێگرتەی خەڵکی.

کرێکاری بۆ خودی کرێکار سەرەڕای باری قورس و زەحمەتی زۆر، بەڵام زۆرجار لە سیاقە کۆمەڵایەتییەکەوە نەك هەر بە چاوی ڕێز تەماشا ناکرێ، بگرە بوونەتە ئامانجی تیر و توانجی خەڵکیش، حەمە بەر لە مردنی و لەوکاتەی کە لەسەر جێگا ڕاکشابوو، بە فلاشباك بۆ ئەو ساتانەی کرێکاری دەگەڕایەوە، یەکێك لەو یادانەش ئەمە بوو((**بەڵام هیچ یەکیك لەمانە ئەوەندەی سەرنجی بێ دەنگ و تەوس ئامێزی ئەو خەڵکە - کە حەماڵیم دەکرد فێری نەکردم**))(هەرەس، 104) ڕۆماننوس بە دیدێکی ڕیالیستییانەی ڕەخنەگرانە، دەیەوێت پەردە لەسەر هەندێ دیاردەی نەرێنی ناو کۆمەڵگای کوردی پیشان بدات، ئەویش یەکتر نەخوێندنەوە و لەیەك تێنەگیشتنی نێوان چین و توێژەکانە، چونکە کرێکار سەرەڕای دەسکەوتنی ڕۆژانەیەکی کەم لەپای ئیشی زۆر، ناکرێ لە سیاقە کۆمەلایەتییەکە بە چینێکی پلە نزم سەیر بکرێت، بێگومان ئەو دیمەنەی حەمە بۆی گەراوەتەوە دیدێکی بۆرژوازییانەی سەرمایەدارییە، لە ڕوانینی بۆ کارەکتەری کرێکار، بەلام دواجار ئەمە بۆ ئەو بۆتە ئەزموون و زۆر شتی لێیەوە فێربوو.

لەچەند شوێنێکی ئەم ڕۆمانەدا ڕۆماننوس هەوڵیداوە کارەکتەری ئافرەت وێنا بکات، سەرەڕای لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکان و زاڵبوونی سیستەمی نێرسالاری، بەڵام ئەوانیش توانیویانە لە چوارچیوەی ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و شانبەشانی پیاوان لە کۆڕی ڕەنجکیشان و خەباتدا ڕۆڵ ببینن، یەکێ لە دیارترین نموونەکانیش خەجێ یە، خەجێ دوای مردنی حەمەی هاوسەری بریار دەدات شان بداتەبەر و خۆی بژێوی خیزانەکەی بگریتە ئەستۆ، سەرەڕای ئەوەی لە ژینگەیەکی جوگرافی نامۆشدا لەگەڵ کوڕە یەك ساڵ و نیوەکەیدا دەژیان کە بەغدا بوو، بەڵام ئەمە نەبووە مایەی ساردبوونەوە و دەستبەرداربوون لە ژیان، ئەوەتا لەزاری خەجێ خۆیەوە دەگێڕدرێتەوە، ((**ــ حەمە مردن ڕێ ی هەموومانە - خوا عافوت بکات- ! جل شۆری دەکەم، نانەوایی ماڵان دەکەم، کارێ ناکەم شەرمەزار و خەجاڵەت بم و ببمە مایەی سەرشۆڕی ئەحمەد..**))(هەرەس، ل114) دواتر لە زاری گێڕەرەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە خەجێ بەڵێنەکەی بردۆتەسەر ((**ئەگەرچی خەجێ زۆر ماندوو دەبوو کەچی ئێوارانیش – بەهۆی نەزاکەتەوە - بووە جلشۆری چەن ماڵێك و بۆ چەن ماڵێکی خوا پێداویش نانەوایی دەکرد!**))(هەرەس، ل118)، لێرەدا رۆماننوس بەشێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ئەوە دەخاتەڕوو، کە بێوەژنکەوتنی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمە چەندە بە ئازارە، چونکە ئیتر چاوەکان هەموو لەسەر ئەو ئافرەتە دەبێت، کەواتە سەرەڕای ئازارە دەرونییەکان و سەرنج و لەمپەڕە کۆمەڵایەتییەکان، خەجێ بڕیار دەدات هەم کار بکات و هەمیش لە ئاست بەرپرسیارەتی پاراستنی شەرەفی پیاوە کۆچکردووەکە و کورە بچوکەکەی بێت، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە لە کۆمەڵگای ئێمە جەستەی ئافرەت یەکسانە بە کۆی شەرەفی بنەماڵەیەك.

خەجێ دوای مردنی حەمەی هاوسەری بۆ جارێکی ژیانی هاوژینی لەگەڵ مەحمود(خولە)پێکهێنایەوە، بەڵام بۆ جارێکی تر سیاسەت خەجێ توشی ماڵوێرانی دەکاتەوە، چونکە ناوبراو لە ڕوداوی حەرەس قەومیدا شوێن بزر دەکرێت و نادۆزرێتەوە. ئەگەرچی ڕۆماننوس ئاماژەی بە کاتی ڕوداوەکە نەکردووە، بەڵام لە مێژوودا کە باسی حەرەس قەومی و هێرشیان بۆ سەر بەشێك لە ناوچە کوردی و کوردستانییەکان دەکرێت، ئەوا یەکسەر باس لە ساڵی 1963ز دەکرێت. کەواتە بۆ جارێکی تر سیاسەت ئاکامێکی کۆمەڵایەتی خراپی بۆ خەجێ بەجێهێشت، بەم شێوەیە خەجی دەستی دایەوە کارکردن لە پێناو بژێوی ژیانی خۆی و کوڕەکەی، کاتێك لەسەر زاری خۆیەوە دەیبیستین (( **(خەجێ دەبێ خەجێ بێت) پاقلە بفرۆشێت، جل شۆری و نانەوایی ماڵان بکات.. بۆ هەر لەپێناوی ئەوە نەبووە کە خەجێ بمرێ؟!**))(هەرەس، ل475) لێرەدا ڕۆماننوس دەیەوێت نموونەی ئافرەتانێکمان لە کۆمەڵگای

کوردی پیشان بدات، کە هەرگیز چۆك دانادەن و نموونەی کۆڵنەدانن، بێگومان خەجێ ئەو کارانەی دەکرد، کە زیاتر ئافرەتانەبوو، زۆرجار بە ڕۆژ لە نزیك دەرگای (باب الشیخ) پاقلەی دەفرۆشت، ئێوارانیش کە دەگەڕایەوە دەبووە کرێگرتەی خەڵکی و ئەم ماڵ ئەو ماڵی دەکرد و خەریکی جل شوشتن و نانکردن بوو بۆیان، ئەو ماندوبوونەشی لە پێناو ئەوەبوو کە دەست لە کەس پاننەکاتەوە و هاوشێوەی (سوڵتان خان) نەبێتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری خەڵکی و نەخزێتە ناو دنیای سۆزانی بوون، کە هەمیشە لەلایەن کوردەکانی دانیشتووی بەغدا وەکو ئافرەتی سۆزانی باس دەکرا ((**حەیامانی بردووە.. سەری کوردانی شۆڕ کردووە...**))(هەرەس، ل119).

لە شوێنێکی تری ئەم ڕۆمانە باس لە ڕێڕەوی ژیانی کارەکتەرێك دەکرێت، کە مەحمود(خولە)یە، لە ئێرانەوە هاتۆتە هەرێمی کوردستان و دواتریش چۆتە بەغدا، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی ناچار پەنا بۆ کارکردن دەبات، ئیتر چەندین کار تاقیدەکاتەوە ((**ساڵ و نیوێك دەبێ(خولە) بە ئاوارەیی لەو (دیوەوە) هاتووەتە (ئەم دیو)! لەم ماوەیەدا بێ دەربەستانە هەر ڕۆژەو کارێکی دەکرد.. هیچیانی نەدەبردە سەر، ڕۆژێ شاگردی چایچی، ڕۆژێ شاگردی لۆقنتە، ڕۆژێ حەماڵی**))

(هەرەس، ل129)ئەگەرچی ڕۆمانوس هۆکاری ئاوارەبوونی ئەو کارەکتەرەی نەخستۆتەڕوو، بەڵام یەکێ لە ئەگەرەکان دەکرێ بە هۆکاری سیاسی و هەرەسی کۆمارەوە بووبێت. ئەوەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە سەرەڕای کاری زۆر و ماندوبوونی تاقەت پڕوکێن، کەچی هەموو ئەو پارانەی دەستی کەوتبوو، لەلایەن مرۆڤی خراپەوە لێی دەدزرێت((**گیرفانیان بڕی و خستیانە سەر (ساجی عەلی)** ))(هەرەس، ل129)، دواتر هەر هەمان کارەکتەر دوای هەموو ئەو هەوڵ و کۆششەی کە بۆ خاوەن کارەکان دابووی، بەڵام بەشێکیان دەیان چەوساندەوە و پارەکەیان پێ ڕەوا نەدەبینی، ڕۆمانوس هەوڵیداوە بەشێوەی ڕیالیزمی شیکاری ئاماژە بۆ ئەو حاڵەتە بکات، کاتێك لەسەر زاری یەکێك لە خاوەن کارەکانەوە هەڕەشە لە خولە دەکرێت ((**سەگبابی ئێرانی... زۆر قسە بکەی دەتدەمە دەستی پۆلیسەوە**)) (هەرەس، ل129) بێگومان ئەمە واقیع حاڵی دۆخی بەشێك لە کرێکارانە بەدەست سیستەمی سەرمایەدارییەوە.

ئەوانەی باسکران دۆخی تایبەتی هەر یەکێك لە کرێکاران بوو لەسەر ئاستی تاك، بەڵام لە چەند شوینێکی ئەم ڕۆمانە باسی کرێکار دەکات وەکو چین، کە دەتوانن خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیان بن و بەدوای خواست و داواکارییەکانیانەوە بڕۆن، بۆ ئەم مەبەستە وێنای چینی کرێکاری کردووە، کە لە خۆپیشاندانێدا شانبەشانی چین و توێژەکانی تر بەشداریان کردووە، ئەوەتا لەسەر زاری گێڕەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە((**لە پیشدا مەلا و پیاوە ئاینییەکان و قەشە بەرگ ڕەشەکان، لیپرساوانی شار لە پیشەوەی ڕیزەکەدا وەستابوون، دروشمی جۆراوجۆر و ڕەنگاو ڕەنگیان بە دەسەتەوە بوو... پاش ڕیزی مەلا و قەشەکان ڕیزی ئافرەتان و کچان بوو بە هەمان جۆر دروشمی ڕەنگاو ڕەنگیان پی بوو، پاشان ڕێزی کرێکار و جوتیار و کاسبکار و قوتابی...**))(هەرەس، ل164) ئەمە وێنەی ئەو خۆپیشاندانەیە کە تێکڕای چین و توێژەکانی شاری کەرکوك، لە یەکەم ساڵوەگەڕی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958ز دا ئەنجامیاندابوو، ئامادەبوونی چینی کرێکار لەو خۆپیشاندانە دەرئەنجامی ئەو نادادیەبوو، کە لە سەردەمی پاشایەتیدا بینیبوویان، ئەوکات عێراق لە ژێر هەژمونی ئیمپریالیزمی بەریتانی بوو، بۆیە نەخشەڕێگای ئەوسای سیاسی و جڤاکی و ئابوری عێراق لەلایەن بەریتانییەکانەوە ئاراستە دەکرا، یەکێك لە ستەمدیدەترین چینەکانیش کرێکار بوو. سێزدە ساڵ بەر لەو مێژووە، بە دیاریکراویش لە ساڵی 1946ز دا، کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دژی کەمی موچەیی و کاری زۆر و ئەو ستەمەی لێیان دەکرا، خۆپیشاندانیان کرد، ئەم ڕوداوە لە مێژوودا بە ڕاپەڕین، یان لای هەندێ لە ئەدیبان بە (شۆڕشی گاورباغی) بەناوبانگە، لەنێو وەسفی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە وەسفی شاری کەرکوك وەکو شارێکی پیشەسازی دەکرێت، بەتایبەتی پیشەسازی نەوت، لە نێو ئەو وەسفەشدا باسی ڕوداوی گاورباغی بە کورتی کراوە، ((**شاری (گاورباغی) ڕاپەڕین و برینداره**))(هەرەس، ل161) بوونی جۆرێك لە ڕاپەڕین یان شۆڕش، ئاماژەیە بۆ بوونی نیشانەکانی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لەو سیاقەدا، چونکە ئاشکرایە ئەو جۆرەی ڕیالیزم لە پای نیشاندانی واقیع، هەوڵی بەدیهێنانی گۆڕانکاریش دەدات، بێگومان گۆڕانکاریش زۆرجار پێویستی بە گردبوونە و ڕاپەڕین، بگرە شۆڕشیش هەیە.

ئەوەی شایەنی ئاماژەپێکردنە، بەشی زۆری ڕوداوە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرگی یەکەمی رۆمانی هەرەسدا خۆیان دەبیننەوە، بۆیە زیاتر وێنای چینی کریکاریش لەو بەرگەدا دەبینرێت.

هەرچی سەبارەت بە بەرگی یەکەمی ڕۆمانی شارە، ئەوا زیاتر ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی لە بەشی یەکەمیدا، بۆیە ڕوداوەکانیش زیاتر لە بازنە کۆمەڵایەتییەکەدا دەسوڕێنەوە، یەکێك لە دیارترین چینەکانیش چینی کرێکارە، کە لە گرێچنی ڕوداوەکاندا ڕۆڵی مەزنی دەگێڕن. باشترین بەڵگەش ناونانی خودی کارەکتەرەکانە، چونکە زۆربەیان ناوی پیشەکەشیان لەگەڵ

خۆیاندا هەڵگرتووە، لەوانە (**سابیری حەماڵ، حاجی مەحمودی عەلاف، خاوەری بێوەژنی نانکەر، خولەی پینەچی، قالەی قۆڵچی، حەمە عەلی کۆپان درو، ئەورەحمانی حەمەی حەمامچی**)، ناونانی کارەکتەرەکان بەم شێوەیە لەڕووی سیمۆلۆژییەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم کارەکتەرانە زۆربەیان کرێکار و کرێگرتەی خەڵکین و لە چینی خوار بۆرژوازین، دەگوتریت ڕۆمان بەرهەمی شارستانیەت و کۆمەڵگای پیشەسازییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە ناتوانین ئەوسای کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگای پیشەسازی هەژماربکەین، ئەگەرچی نکۆڵیش لە هەبوونی کارگە و پێشەوەرییە جۆراوجۆرەکان ناکرێت لەو سەردەمدا، وەکو(موتابچییەتی، بەرهەمی چنین، کڵاشکەری، شیرگەری، مزگەری، ئاسنگەری، بیرازگەری، هەلاجی، سەڕاجی، کۆپان درویتی، چەخماخسازی، لێفە درویٚنی، تەونگەری، دەباخچییەتی، کەوش درویتی، بەرگ درویتی، بەنایی)(کۆمەڵێك نوسەر، 2009، ل102-107).

یەکەم دیمەنی ئەو ڕۆمانە بە کۆچی (سابیری حەماڵ) لەگوندەوە بۆ شار دەستپێدەکات، ئەم زانیارییە لە زاری سابیر خۆیەوە پشتڕاستکراوەتەوە((**بە لەعنەت بیت نەجمە خێل.. تۆ نەبوویتایە من بۆچی لەوێ هەڵدەکەندرام و دەهاتمە ناو ئەم شارە دوابڕاوەوە! وەك شەیتان هاتیتە بن کلێشەمەوەو وتت:ــ**

**ــ سابیر .. شار زۆر خۆشە! هەرچیت حەز لێ بێ لێ یەتی!. وەرە با بچین و لە ژیانی پڕ چەرمەسەری ی ناو ئەم کوێرە دێ یە، خۆمان قورتار بکەین.**

**ــ ئاخر بچین لەوێ چی بکەین؟! . من لە شوانی و تۆ لە سەپانی یەکە زیاتر، چی ی تر دەزانین بیکەین؟**))(شار، ل 7ـ8) دوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی و دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ئینگلیز و فەرەنسییەکانەوە، ئیتر عێراق و هەرێمی کوردستانیش کەوتنە بەر هەژموونی ئیمپریالیزمی ئینگلیزەوە، بەرژەوەندی ئینگلیز وایدەخواست کە بیر لە پەرەپێدانی هەندێ سێکتەر بکەنەوە، یەکێ لە سێکتەرەکانیش پیشەسازی نەوت بوو، بەمەش دەرفەتی زیاتری کار لە شارەکان دروست بوو، ئەمەش وایکرد کە وردە وردە خەڵك لە گوندەوە بۆ شار کۆچ بکەن، لەلایەك بەهۆی ئەوەی کارگەکان لە ژینگەی شارەکان بنیات دەنران، لەلایەکی ترەوە پیشەسازیش هەم پێویستی بە دەستی کار و هەمیش بە بەکاربەر هەبوو، بۆیە سەیردەکەین ڕۆژ دوای ڕۆژ شارەکان قەرەباڵغتر دەبوون. لەلایەکی ترەوە هۆکارێکی تری کۆچکردنەکە بۆ نادادییەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە گوندەکان دەگەڕایەوە، کە هەمیشە بەرژەوەندی ئاغاکانی بەپێش بەرژەوەندی جوتیاران دەخست، ئەمەش وای دەکرد جوتیار لە گوندەوە بۆ شار کۆچ بکەن، ئیتر ناسنامەیان لە جوتیارەوە بۆ کرێکار دەگۆڕدرا. یەکی لەو نمونانەش سابیری حەماڵ بوو. ئیتر دوای هاتنی بۆ شار و نیشتەجێبوونیان لە مەملەکەتی میمکە حەلیم، ئەگەرچی سابیر لە ئیشکردن دا زۆر گورج و گۆڵ و کارا نەبوو، بەڵام ناوە ناوە دەچوو بۆ کار، دوای مردنی میمکە و تێکچوونی مەملەکەتەکە، ئەمجارەیان سابیر لای حاجی مەحمودی عەلاف گیرسایەوە، لە زاری خۆیەوە ئەم زانیارییە خراوەتەڕوو ((**جارجار لە عەلافخانەکەیدا حەماڵی ی بۆ دەکەم. پیاوێکی زۆر باشە.**))(شار، ل 46)، لێرەدا ڕۆماننوس بەشێوەی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی، باسی چۆنیەتی مامەڵەی حاجی مەحمودی عەلاف دەکات، وەکو نموونەی خاوەن کارێکی بە ویژدان و خاوەن کەسایەتییەکی ئەرێنی، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکارەکانیدا. وەستا تایەریش یەکێکی ترە لەو خاوەنکارانەی کە ڕێز لە ماندوبوونی کرێکار دەگرێ و پێی دەزانێ، کاتێك زۆراب لای ئەو وەك چایچی کاردەکات، بەڵام ئەو هەر زوو زۆرابی دەکەوێتە دڵ و پاداشتی دەکات، ((**وەستا تایەریش، بەرامبەر بەو فیداکارییەی لە ئیشکردندا، پیاوانە ئەجری دەدایەوە. بە سەرێك لەو ماوە کورتەدا لە ساڵە وەختێك زیاتر نەبوو، سێ جار ڕۆژانەکەی بۆ زیاد کرد.**))(شار، ل 132) دواتر هەر ئەو کارکردنەی زۆراب لای وەستا تایەر، سەردەکیشی بۆ جۆرێکی تر لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئەویش بەهۆی خواستنی نازەی کچی وەستا تایەرەوە، کە لەلایەن وەستا تایەر خۆیەوە ئەم بابەتە پێشنیازکرابوو. کەواتە ڕۆماننوس کرێکاری کردە دەروازەیەك بۆ دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازە کە ژن و ژنخوازی بوو.

هەر لەو ڕۆمانەدا ڕۆماننوس هەوڵیداوە کرێکاری بکاتە ئامرازێك بۆ ناسینی کۆمەڵێك کادیری حزبی بەیەکەوە، چونکە لە ماوەی کارکردندا یەکتریان ناسی و دواتر بوونە ئەندامی حزبێکی چەپ، ئەگەرچی ((حوسێن عارف ناوی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناهێنێ و ئاشکرای ناکات، بەڵام بەپێی ئەو پلار و توانجەی کە مەجی لە ئەختەری خوشکی دەگرێت کە مەبەستی خورشیدە، دەردەکەوێت ئەو حیزبە حیزبێکی پیشکەوتوخوازی مارکسی بوو بێت))(ابراهیم، 2008، ل135). لە گرنگترین ئەو کارەکتەرە سیاسییانەی کە لە ڕێگەی کرێکارییەوە یەکتریان ناسی، ئەورەحمان و خورشید بوو، ((**ئەورەحمان لە یەکەم ڕۆژی ناسیاوی پەیداکردنی یەوە لەگەڵ خۆرشید دا، لەخۆی دڵنیابوو کە قوتابی یەکی نموونەیی ی بەنسیب بووەو ئەمیش دەبێ، خەباتگێڕێکی نموونەیی ی لێ درووست بکاو بیخاتە کۆڕی تێکۆشانەوە. ساڵ و نیوێك لەمەوبەر بووکە بەیانی یەکیان لە**

**مەیدانی ڕاوەستانی كرێكارانی قوڕدا، بۆ یەكەمجار ئەو ناسیاوی یەی لەگەڵدا پەیداكرد.))**(شار، ل121). ئەمەش پەیوەستدارە بە بیری ماركسیزم و ڕەنگدانەوەی لە ناو ئەدەبدا، چۆنكە گوتمان ماركسیزم بۆ گۆڕانكاری لە دۆخی كرێكاران، دەبەستێتەوە بە شۆڕشەوە، شۆڕشێك كە بكەرەكەی كرێكار خۆی بێت، بێگومان لەو ڕۆمانەشدا دواتر حزبەكەی ئەوڕەحمان و خوڕشید لەگەڵ چەند پارت و لایەنێكی تر بەرەی نیشتمانی یەكگرتوویان پێكهێنا، دواتر ڕۆڵی گرنگیشیان هەبوو لە جولانەوە سیاسییەكانی كۆتایی سەردەمی پاشایەتی و هاتنە ئارای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958ز .

ڕۆماننوس لەو ڕۆمانەیدا پێگەیەكی بەهێزی داوەتە ئافرەت و لە زۆر لایەنەوە پەردەی لەسەر دۆخی ئافرەت لە كۆمەڵگای كوردی هەڵماڵیوە، ئەگەرچی لە زۆر شوێندا ئافرەت جڵەوی پیاویشی كردووە، وەكو دەسەڵاتی میمكە حەلیم بەسەر تێكڕای كرێچییەكانیەوە، بەڵام لە زۆر دیمەنیشدا ئافرەتی وەكو كرێكار و ڕەنجكێشی ستەملێكراو وینا كردووە. لەوانە كارەكەری خاوەر لە ماڵێكدا بۆ ماوەیەكی زۆر ((**شەش ساڵی ڕەبەق بوو، كارەكەری خێزانێكی پڕ لە منداڵی چەتوون بووكە ڕۆژانە ئازار و ئەشكەنجەیان پێ دەنۆشی))**(شار، ل17) ئەمە ڕاستی ژیانی بەشێكی زۆری ئەو ئافرەتانەیە، كە وەكو خزمەتكار لەماڵان كاردەكەن و ژیانێكی پڕ لە مەینەتی بەرێدەكەن، بە هەمان شێوە مەریەمیش كە لە تەمەندا زۆر منداڵ بوو، لە ماڵی میرزا سەلیمی عەلاف بوو بە كارەكەر و زۆر نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرد، ((**كارەكەر ئاو.. كارەكەر كتێبەكانم.. كارەكەر گۆرەوی .. كارەكەر دەرد و زەقنەبووت!!))**(شار، ل55) بێگومان هەموو ئەو دەستەواژە نەرێنییانە ئازارێكی زۆری مەریەمیان دا لەڕووی دەروونییەوە، بۆیە لەو ماڵەدا ڕایكرد.

هەر لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بە یەكی ئایار كراوە، كە ڕۆژی كرێكارانە و ساڵانە لەو ڕۆژەدا چینی كرێكار ئەم یادە بەرز ڕادەگرن، ئەویش لە دایەلۆگی نێوان فەرهاد و مچۆڵدا ئاماژەی پێكراوە، كاتێك فەرهاد لە مچۆڵ دەپرسێت، كە بۆچی جاری دووەم گیرا، ((

**ــ چوار ڕۆژەكەشت پێ بڵێم؟**

**ــ دەی بزانم.**

**ــ بەبۆنەی یەكی ئایارەوە.**

**ــ نەبابە.. تۆ چۆن ڕازی دەبیت كە من لای حكوومەت هێندە بێ بایەخ بم، بە بۆنەی یاد و میادی وەها پڕوپوچەوە بگیرێم؟!))**(شار، ل251) ئەوەی لەم گفتوگۆیە دەخوێندرێتەوە كە مچۆڵ وەكو كارەكتەرێك لە ڕیزی ئەو گروپە نەبوو، كە هەڵگری بیری چەپ بوون، بەڵكو زیاتر كەسێكی ناسیونالیستیبوو، چونكە خۆشی دان بەوەدادەنێ كە لە سەروبەرندی گەڕانەوەی تەرمی شێخ مەحمودی حەفید دا، دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەكە، لە لایەن كاربەدەستانی ڕژێمی پاشایەتییەوە دەستگیركراوە، بۆیە وەكو كەسێكی سۆشیالیست نایێتە بەرچاو و یەكی ئایار لای پیرۆز نییە.

ئەوەی لە ڕۆمانی هەرەس و شار، وەكو دوو بەرهەمی ساڵانی هەشتاكان دەخوێندرێتەوە ئەوەیە، كە ڕاستە گوزراشتیان لە كرێكار و چینی پرۆلیتاریا كردووە، بەڵام زۆر نەچوونەتە ناو قوڵایی ژیانی كرێكار و ئاستەنگەكانیان لە كۆمەڵگای سەرمایەداریدا، بەڵكو زیاتر لە هێڵە هیومانیستییەكەدا ئاماژەیەكی ڕووكەشییان بە ژیانی كرێكار كردووە، ئەمەش دەكرێ وا خوێندنەوەی بۆ بكرێ پەیوەندی بەوەوە هەیە، كە هیچ یەكێك لە محەمەد موكری و حوسێن عارف لە ژیانی كۆمەڵایەتییان كرێكاردا نەبوون، تا تان و پۆی ئازارەكانی چینی كرێكار بە تەواوی هەست پێبكەن و وێنای بكەن، بەڵكو هەردووكیان دەكەونە بازنەی چینی بۆرژواوە، ئاشكرایە كە (محەمەد موكری) زیاتر كەسێكی ڕۆژنامەنوس و چیرۆكنوس و ڕۆمانوس و چەند ساڵێكیش لە پارتێكی سیاسیش خەباتی كردووە، (حوسێن عارف)یش پارێزەر، هەم چیرۆكنوس و ڕۆمانوس بوو. لە كاتێكدا (زۆرێك لە شاعیرانی هەشتاكان ناسنامەی شیعرەكانیان بریتییە لە ئینتمابوون بۆ چینی كرێكار و ماركسیزم، بۆیە شیعرەكانیان لە بەرژەوەندی چینی كرێكار بوو لە كوردستان، ئەمەش دەرهاویشتەی پێكهێنانی حەلقەی ئەدیبانی كۆمۆنیست بوو، كە توانیان ئەدەب و هونەری كرێكاریی سەرباری پەیوەستبوونیان بە ماركسیزمی شۆڕشگێرانە، چەند هەنگاو بەرنە پێشەوە و ڕێكخراوانە ئیش لەسەر بەرهەمی ئەدەبیی بكەن)(مەشخەڵ،221، ل 305،307) بۆیە سەرێردەكەین شیعری هەشتاكان، وەكو كەرەستەیەكی سەرخانی كۆمەڵگا، هەمیشە گوزارشتكەری ئەو ململانێ چینایەتییەیە، كە لە نێوان كرێكار لەلایەك و خاوەنكار و سەرمایەدار لەلاكەی ترەوە هەیە، لەو قۆناغەدا شیعر توانیویەتی هاندەر و پاڵنەرێكی باشی چینی كرێكار بێت، كەچی ئەم خاڵە لە ڕۆمانی ئەو قۆناغەدا هێندە تۆخ نییە.

**ئەنجامەکان**

1ـ هەردوو ڕۆمانی هەرەس و شار، دەچنە ناو ئەدەبیاتی کرێکاری، چونکە لە چەند گۆشەیەکەوە ئاماژەیان بە کرێکار و چینی پرۆلیتاریا کردووە، تەنانەت وێنای چینی کریکار دەکەن لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی گاورباغی لە ساڵی 1946ز دا، بەتایبەتی لە ڕۆمانی هەرەسدا.

2ـ لە بەرگی یەکەمی ڕۆمانی شار، کە زیاتر ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتییە، ناسنامەی کرێکار و چینی کرێکار خراوەتەڕوو، ئەگینا بەرگی دووەمی ئەو ڕۆمانە هێڵە سیاسییەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت و کەمتر هەست بە ناسنامەی چینی ناوبراو دەکرێت.

3ـ هەردوو ڕۆمانی هەرەس و شار، وەکو لەدایکبووی دوو بەرهەمی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەرەڕای وێناکردنی چینی کرێکار، بەڵام بە بەراورد بە شیعری هەمان قۆناغ کەمتر ئاوێتەی ئازارەکانی کرێکار بوونە بەدەست کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە، ئەمەش پەیوەندیدارە بەوەی کە ڕۆمانی کوردی کەمتر وێنای واقیعی سەردەمی خۆی کردووە و زیاتر گەڕانەوەیەکی مێژوویی بووە، بۆ چەند دەیەیەك پێش سەردەمی خۆی، لە کاتێکدا شیعر زیاتر دەربڕی دەنگی هەمان ساتی ئازارەکانی کرێکار بووە، بۆیە سیماکانی ڕیالیزمی سۆشیالیستی زیاتر لە شیعری هەشتاکان هەستی پێدەکرێت، وەك لەو دوو ڕۆمانەی ئاماژەمان بۆ کردوون.

4ـ لە هەردوو ڕۆمانی هەرەس و شار ئافرەتانیش شانبەشانی پیاوان کاردەکەن و هەوڵیانداوە باری لاری خێزانەکانیان لە ڕووی ئابورییەوە ڕاستبکەنەوە، ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی ئەدەبی ڕیالیستی، کە داوا دەکات هەردوو ڕەگەز هاوشانی یەکتر کاربکەن.

**سەرچاوەکان**


**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

1ـ ابراهیم، سەرکەوت عمر(2008)، ململانێی کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.

2ـ ڕەشید، سابیر (2007)، رۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس: هەولێر.

3ـ عارف، حسین (1986)، شار، ڕۆمان، چاپی یەکەم، مطابع شركة الأديب البغدادية: بەغدا.

4ـ غەفور، عەبدوڵڵا د. ( 2011)، جوگرافیای دانیشتوانی باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم: هەولێر.

5ـ قادر، عەباس محەمەد(2010)، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا 1946-1970، بێ چاپ، مەلبەندی کوردۆلۆجی: سلێمانی.

6ـ کۆمەڵێك نوسەر(2009)، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر.

7ـ لۆکسمبێرگ، ڕۆزا (2019)، تیۆری مارکسیستی و پرۆلیتاریا، وەرگێڕان: ناوەندی کۆمۆن، وەرگیراوە لە
http://www.kurdipedia.org/defult.aspx?q

8ـ مارکس و لۆکاچ ...( 2007)، کۆمەڵناسی ئەدەبیات(فەلسەفە مێتۆد)، بێ چاپ، چاپخانەی شڤان: سلێمانی.

9ـ مەشخەڵ، عەبدوڵڵا سلێمان(2021)، ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی، چاپی یەکەم، ناوەندی هونەر و کریکاریی هانا.

10ـ موکری(1998)، هەرەس، ڕۆمان، چاپی سێیەم، چاپخانەی بێسارانی: سلێمانی.

11ـ ئەحمەدی، بابەك(2001)، مارکس پاش مارکسیزم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە 14، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

12ـ بو علیبة، محمد ولد (2002)، النقد الغربي و النقد العربي، الطبعة الاولى، المجلس الأعلى للثقافة: القاهرة.

13ـ بولكعيبات، نعيمة (2011)، سوسيولوجيا النص تأريخ المنهج و اجراءاته، سوسيولوجا النص تأريخ المنهج و اجراءاته، رسالة الماجستير، جامعة الحاج لخضر: باتنة.

14ـ زيما، پيير (1991)، النقد الإجتماعي، ترجمة: عايدة لطفي, الطبعة الاولى، دار الفكر للدراسات و النشر و التوزيع: القاهرة.

15ـ سعدالدين، نرمين (2009)، الماركسية الاشتراكية(النشوء و التطور)، المقطف المصري: القاهرة.

16ـ علوش، سعيد د. ( 1985)، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، الطبعة؟، دار الكتاب البناني: بيروت.

17ـ غارودي، روجيه (1978)، ماركسية القرن العشرين، ترجمة: نزية الحكيم، منشورات دار الآداب: بيروت، الطبعة الرابعة.

18ـ الماضي، شكري عزيز(1985)، في النظرية الأدب، بدون الطبع، دار الحداثة للطباعة و النشر والتوزيع: بيروت.

19ـ مبروك، ابتهال (2022)، الموسوعة السياسية Political Encycopedia، انترنيت، http://political-encyclopedia.org/dictionary

20ـ ولسن، كولن (1986) ، فن الرواية، دار المأمونز.

21ـ الوناس، نصيرة (2012)، نظرية الإنعكاس في الأدب، معارف مجلة علمية محكمة، العدد13.

22ـ ويلك، رينيه و وارين، أوستن (1987)، نظرية الأدب، الطبعة الثالثة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر: بيروت.

**إنعكاس الطبقة العاملة في الرواية الكوردية - هەرەس و شار - نموذجا**

**سەركەوت سەعدی قادر** **نەوزاد وقاص سعيد**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين-اربيل
sarkawt.qadir@su.edu.krd nawzad.saeed@su.edu.krd

**ملخص**

هذا الدراسة التي هي بعنوان (إنعكاس الطبقة العاملة في الرواية الكوردية - هەرەس و شار - نموذجا)، و هي محاولة للبحث عن خصائص الشخصية العاملة و الطبقة الكادحة (بروليتاريا) في كل من هاتين الروايتين اللتين كتيبا في الثمانينات القرن الماضي، وإن العمل قائم على العلاقة بين الأدب و المجتمع بشكل عام. و من المفاهيم التي تم العمل عليها في هذا البحث هو العامل و الطبقة الكادحة (بروليتاريا).

يقع البحث في فصلين : الفصل الأول يتضمن عدة عناوين منها، المباديء الفكرية و الفلسفية لنظرية الإنعكاس، و كذلك الإشارة الى الفلسفة الماركسية، و كذلك عرض مفهوم الأدب في منظور هذه النظرية، و في العنوان الأخير تم ذكر مباديء نظرية الأدب وفق نظرية الإنعكاس.

أما الفصل الثاني فقد يحتوي على ثلاثة عناوين، العنوان الأول: يتناول الطبقات الإجتماعية، في العنوان الثاني تم الحديث عن العمال و الطبقة الكادحة (بروليتاريا)، أما العنوان الأخير فقد خصص لإنعكاس الطبقة العاملة في كلتا الروايتين – هەرەس و شار.

**الكلمات الدالة:** نظرية الإنعكاس، الماركسية، الطبقات الإجتماعية، العمال، الرواية

**Reflection of the Working Class in Kurdish Novel with Reference to - Haras and Shar -**

**Sarkawt Sahdi Qadir** **Nawzad Waqas saeed**
Kurdish Language Department, Salahaddin University-Erbil
sarkawt.qadir@su.edu.krd nawzad.saeed@su.edu.krd

**Abstract**

This study is entitled “Reflection of the Working Class in Kurdish Novel with Reference to Haras and Shar”. It attempts to discover the features of the working class charaters and proletariat in two examples of Kurdish novels of the 1980s. That is the study is generally concerned with the relation between literature and socity. One of the social consepts explored in this study is the workers and the proletariat. The current study is divided into two parts. The first part deals with the philosophical and intellectual principles of the reflection theory and the concept of literature from the perspective of that theory. It also focuses on the principles of literary theory based on the Reflection theory. The emphasis of the second part is one the social classes of the community, in particular, the working classes and the proletariat. This part sheds light on the reflection of the working class in the mentioned novels.

**Keywords:** Reflection theory, Marxism, Social classes, Workers, Novels.